گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پێشکەوتنی مۆسیقا لە دەوڵەتی ساسانی 421-628ز

**کەلسومە جەمیل عبدالواحید**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
kalthuma.abdulwahid@su.edu.krd

**پرۆفسیۆر دکتۆر ئەرسەن موسا ڕەشید**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
am.musa@yhaoo.com

**پرۆفیسۆر دکتۆر عماد عبدالقادر بریفکانی**
بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
Amadabid75@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/١٠
پەسەندکردن:٢٠٢١/٥/٢٦
بڵاو کردنەوە: بەهاری ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان**
music, musical instrument, Sassanid kings, Sassanid melody (khasrevani)

## پوختە

مۆسیقا مێژوویەکی کۆنی هەیە بۆ بوونی مرۆڤ لەسەر زەوی دەگەڕێتەوە. سروشت گەورەترین ئیلهام بەخش بووە بۆ داهێنانی ئامێرەکانی میوزیك و و لاسایی کردنەوەی دەنگەکانی سروشت ،بەوەی هێز و خۆشی دەروونی پێ بەخشیوە. هونەری مۆسیقا لە گشت سەردەمەکاندا ئامادەگی هەبووە، بەڵام لەسەردەمی ساسانیەکان بە هۆی گرینگی دانی پاشاکان بۆ ئەو هونەرە، وای کردووە مۆسیقا بگاتە ئەوپەری پێشکەوتن بەتایبەتی لە سەردەمی هەرسێ پاشای بەناوبانگی ساسانی وەك بەهرامی پێنجەم (421- 439 ز) ، کیسرا ئەنۆشێروان (531-579ز) و خەسرەوی پەروێز(590- 628ز ) ئەویش بە بەرزکردنەوەی چینی میوزیکزانان بۆ چینێکی بەرزی کۆمەڵگا. جگە لەوە مۆسیقا لە دەوڵەتی ساسانی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕەوشی ئایینی و کۆمەڵایەتی و

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.2.06

سیاسیەوە هەبووە . بەوەی پاشاکان مۆسیقایان بۆ کاتە خۆشەکان و سەرگەرمکردن لە کاتی خواردن و ڕاو کردن وهەروەها جەنگ دا بەکار هێناوە .تا وای لێهات چەندەها میوزیکزانی بەتوانا لە دەوڵەتی ساسانی بە دەرکەوتن بە تایبەتی لەسەردەمی پاشا (خسرەو پەروێز)کە خاوەنی ئاوازی تایبەتی ئەوسەردەمە بوونە ناسراو بە (خەسرەوانیات) و داهێنانی چەندەها ئامێری میوزیکی بەهەر سێ جۆرەکەی (ژێدارەکان) و (فودارەکان) و (کوتانی) یان( زەربیەکان )بوونە وەك (طنبور) و (دەف) و (دەهۆل) و( نەی )و (سەنج) هیتر.

## پێشەکی:

هونەر ڕەنگدانەوەی ئاستی پێشکەوتنی شارستانێتی هەر میللەتێك دەردەخا . لە دەوڵەتی ساسانی(224-651ز)زیاتر لە چوارسەد ساڵ بەردەوام بوو لە ڕووی شارستانێتیەوە گەیشتبووە ئەوپەری پێشکەوتن بە تایبەتی لە بواری ئەدەب و هونەرەوە مۆسیقاش بەشێکە لە هونەر بۆیە مۆسیقا پانتایەکی فراوانی لە دەوڵەتی ساسانی داگیر کردبوو . وێرایی ئەوەی ئەو هونەرە یەکێك بووە لە کولتوورە هەرە کۆنەکانی ناوچەکە بەڵام لە گەڵ ئەوەش سودیان لە بەرهەمی هونەری نەتەوەکانی تر وەرگرت بەهەوڵدان و کۆششی هونەرمەندان بوو بە هۆی داهێنانی ئامێرو ئاوازی جیاواز تا ئەو ڕادەی کاریگەریان بۆ سەردەمەکانی دواتر هەبووە . ئامانجی توێژینەوەکە پێشاندانی ڕۆڵی مۆسیقایە لە دەوڵەت و کۆمەڵگا لە بوارەکانی ئایینی و خۆشی و جەنگی(مەزهەب وبەزم و ڕەزم) هەروەها پشتیوانی پاشاکان بۆ هونەرمەندان و میوزیکژەنان و بەرزکردنەوەی ڕیزبەندی کۆمەڵاتیان کە بوونە چینێکی بەرز و بەرێزی کۆمەڵگا کە بە یاسا ڕێکخرا بوو چونکە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی ساسانی چینایەتی بووە دەرئەنجامی پێشکەوتنی هونەری مۆسیقای لێکەوتەوە.

توێژینەوەکە دوو تەوەری سەرەکی و چەند باسێك پێکدێ ئەوانیش بریتیین لە :چەمکی میوزیك، مانای مۆسیقا، لە دەوڵەتی ساسانی و پاڵنەرەکانی لە تەوەری دووەم ئاماژە بە ڕۆڵێ چەند پاشایەکی دیاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەوڵەتی ساسانی دەکات کە ڕۆڵیان هەبوو لە بەرەو پێشبردنی هونەری مۆسیقا وەك پاشاکانی (بەهرامی پێنجەم) و (کیسرا ئەنۆشێروان) و (خسرەو پەروێز) .

## 1:1پرسیارەکانی توێژینەوەکە

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە لەوە دایە بۆچی مۆسیقا لە دەوڵەتی ساسانی گرینگ بووە ؟.ئایا هەموو پاشایانی دەوڵەتی ساسانی بەهەمان ئاست گرینگیان بە مۆسیقا داوە ؟

## ئامانجی توێژینەوە

### 1.2 توێژینەوەکە چەند ئامانجی هەیە ، لەوانە

1. دەرخستنی ئەوەی دەوڵەتی ساسانی زۆر گرینگی بە مۆسیقا و ئامێرەکانی مۆسیقا داوە .
2. پیشاندانی ئەوەی مۆسیقا بۆ چەند مەبەستێك بەکارهاتووە وەك چێژ وەرگرتن ، ڕێ و ڕەسمی شاهانە وەك تاج لەسەرنان ، شەڕ ، ڕاوکرن.
3. دەرخستنی  مۆسیقا لە چەند بوارێك کۆمەڵایەتی دا بەکارهاتووە وەك تقووسی بە کۆمەڵ و ئاهەنگەکانی هاوسەرگیری و منداڵ بوون، تازیە.  .

## 1:3گرینگی توێژینەوەکە

گرینگی توێژینەوەکە دەرخستنی پێشکەوتنی لایەنی هونەری دەوڵەتی ساسانییە ،چونکە توێژنەوەی زۆر لە لایەنەکانی سیاسی و سەربازی دەوڵەتی ساسانی ئەنجام دراوە . بۆیە هەوڵدراوە مۆسیقا وەك بەشێك لە هونەر بخاتە ڕوو کە هونەری مۆسیقا لە دەوڵەتی ساسانی زۆر پێشکەوتوو بووە،لە زۆربەی کایەکانی دەوڵەت بەکارهاتووە و هەروەها داهێنانی ئامێر و ئاوازی تایبەت بە و سەردەمە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## تەوەری یەکەم: مێژوو و پێناسەی مۆسیقا

### 2:1 چەمکی مۆسیقا

مۆسیقا بەشێکە لە پێکهاتەی ( هونەر ) . ئەو پەیوەندیە دایەلێکتیکیە هەر لە پێناسەی هونەرێکی وەك مۆسیقا دەردەکەوێت . ئەوەندە هەیە هونەر زۆر کۆنترە لە مۆسیقا .هونەر گوزراشت لە هەست وسۆزی مرۆڤ دەکات هەر لە سەرەتایی پەیدا بوونەیەوە لە سەر گۆی زەوی بە هۆی ئاشنایەتی لەگەڵ مرۆڤ پەیدا کردووە (فرج 2011: 4) .لایEbrahimi - ( 1999 : 7)هونەر بریتییە لە گوزارشتکردن لە جوانیی و هەست و سۆز و هزرەکانی مرۆڤ .

مۆسیقا بەشێکی لە ئەستاتیکا و هارمۆنی سروشت سەرچاوەی گرتووە . لەم ڕووەوە میوزیك بەشێکە لە هونەر، بەهۆی ئەو سروشتەی تێیدا ژیاوە کاریگەری لێکردووە . وەك دەنگی ( ئاو) – هاژە و خورە خوڕی ئاو هەروەها گڤە گڤی با و نمە نمی باران وگرمەی هەورەتریشقە و شەپۆڵی دەریا (بهزادی1382: 451) هەروەها دەنگی ئاژەل و باڵندە وەك چۆلەکە وکەو کۆتر و قاز و هیتر (لاری ومحمودی 1388: 45) . سروشت گەورەترین ئیلهام بەخش بووە بۆ فێربوون و لاسایی کردنەوەی دەنگەکان و پەیوەندی ڕاستەخۆی بەخودی ئادەمیزادەوە هەبووە، بەمەش میوزیك کەشێکی چێژبەشی بە مرۆڤ بەخشیوە.

### 2:2 مانای مۆسیقا(میوزیك)

لەم ڕووەوە دەوترێت وشەی ( میوزیك ) لە بنەرەت دا لە وشەیەکی یۆنانی وەرگیراوە بە فۆڕمی (موزە) ، موزە یەکێك لە (نۆ خاتوونە خوداوەند)کانی ،کە لە کچانی هەردوو خوداوەندی(زیۆس و میخوس)-ن لە میسۆلۆژیای یۆنانی ، کە لە لای رۆمەکان پەرستراوە ،بەهەر یەکیکیان دەووترا (موس) کە لە وشەی (موستیە) وەرگیراوە بە مانای ژیانەوە دێ پاشان (ئەلف)ی بۆزیاد کرا بوو بە (موسا) واتە ئیلهام بۆ هاتوو (الحلو 1972: 12) . وشەکە گۆڕانکاری بەسەرداهات پێش ئەوەی وەرگێرانی بۆ بکرێ لە یۆنانیەوە بۆ عەرەبی و ببێتە " مۆسیقا" (حاتمی ودیگران 1394: 111).لەفەرهەنگی ئێرانی کۆن

بە زمانی پەهلەوی ئەشکانی ووشەی(گوسان) بەکارهاتووە، بە واتای ئەو کەسە دێ کە گۆرانی بۆ پاشا دەووت لە گەڵ ژەنینی مۆسیقا . لە زمانی عەرەبی پێیان ووتووە (جوسان) بە واتای "مغنی" بە شێوەی کۆ (جواسنە) بووە (تفضلی 1376: 311). بە زمانی پەهلەوی ساسانی وشەی (خنیاگر) هاتووە، هەمان مانای گۆانبێژ و ئاوازدانەر دەبەخشی(زرشناس وشمسی 1393: 63). یان ( رامشگر ،ئاواز خوێن) بە مانای میوزیکژەن و گۆرانی بێژ دێ ، بە واتای ئەو کەسەی هۆکارەکانی خۆشی و شادی فەراهەم دەکات (حاتمی وپاکبازی وغفاری 1394: 127) .میوزیك خۆی چەند نۆتە و میلۆدی(ئاواز) هێشووی یەك لە دوا یەکن ، پێکەوە گوزارشت لە مانا و ڕەوشێکی تایبەت دەکەن وەك طقوسی ئایینی ، هەوەس یا جۆشدان بۆ شەڕ ( ڕەزم ) یا هەندێ جار ئەو نۆتانە مەبەستێك لەگەڵ شیعر دەپێکن Afkhami, and (Parvin 2020: 165)

## 3.پاڵنەرەکانی مۆسیقا لە دەوڵەتی ساسانی

هونەری مۆسیقا لە دەوڵەتی ساسانی بە شێوازێکی تر بە دەرکەوت بەوەی بوو بە بەشێکی سەرەکی دەوڵەت لە لایەن پاشاکانەوە گرینگی پێ درا لەم رووەوە  چەند پاڵنەر ویاخود هۆکارێك لە پشتەوەی ئەو گۆڕانکارییە بوونە ،وەك :

### 3:1.پاڵنەری ئایینی[1]

[1] .لە دەوڵەتی ساسانی بێجگە لە ئایینی زەردەشتی کە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت بووە .ئایینی تریش هەبووە ،ئایینی مانی بۆ کەساییەتی مانی کوڕی فاتك دەگەڕێتەوە لە ساڵێ 215 ز لە بابل لە دایك بووە ،نەژادی بۆ فارسی دەگەڕێتەوە دوای لە ناو چوونی ئەشکانیەکان کۆچیان کردووە بۆ بابل .ئاینێکی تایبەتی داهێنا پاش خوێندنەوەی ئایینەکانی زەردەشتی و مەسیحی و بودی بە ناوی خۆی کە دیارە ئەو ئایینە هەر لە ئایینی زەردەشتی بەدەرکەوتووە لەسەردەمی شاپوری یەکەم 240-272ز ئایینەکەی خۆی ڕاگەیاند.هەروەها ئایینی مەزدەك هەر لە دژی ئایینی زەردەشتی بەدەرکەوت . بۆ کەسایەتی مەزدەکی کوڕی بامداد دەگەڕێتەوە بەهۆی نادادگەری کۆمەڵایەتی بەدەرکەوت زیاتر لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەچی نەك ئایین چونکە لەو بڕوایە دابوو کێشەکان گشتیان لەسەر ئافرەت و سامانە بۆیە پێویستە ئەو غەریزانە تێر بکرێن بەهەر شێوەیەك بێت، لە لای زۆر لە رۆشنبیران بە یەکەم بزووتنەوەی شیوعیەت دادەنرێ .کاریگەری خراپی لە کۆمەڵگای ساسانی

لە دەوڵەتی ساسانی دا وێرای ئایینی زەردەشتی ،ئاییینەکانی تری وەك (مانیزم ) و (مەزدەکیەت) و (یەهودی-جوولەکایەتی ) و( بوذی –بودیەت) و (مەسیحی) بوونی هەبووە هەروەکو دیارە ئاییني زەردەشتی بوو بە ئاییني فەرمی دەوڵەت ومۆسیقاش بەشێکی گرینگی ئاییني زەردەشتی بووە .کە بۆ مەبەستی پەرستن لەگەل خۆێندنی سروود وپارانەوە بە کارهاتووە . (گاتا) بەشێکی گرینگ و سەرەکی ئاڤێستا بوولە داهێنانی خودی زەردەشت بووە. لە کۆمەڵێ شیعری ئازاد بە هەبوونی کێش و سەرای سادە و ئاسان پێکهاتووە(ازرکشسب 1378: 27) .بە شێوەی گۆرانی و ئاوازی تایبەتی نوێژ و پارانەوە دەخوێندرا. (مولر 1356 : 29).

بەشێکی تری ئاڤێستا (یەشت)-ە ، کە بەواتای ئاواز یان ئاوازی نوێژ دێ، ووشەی گاتا لە موسیقای کلاسیکی ئێرانی بە شێوەی پاشگر دێ بۆ ناوی ئامێرو بەشەکانی مۆسیقا هەمان گاتای کۆنە کە بە زمانی پەهلەوی بە شێوەی (گاس)هاتوە کە مانای سروود دەگەیەنێت دواتر بە "فارسی دەری" (زمانی فارسی نوێیە لە پاش هاتنی ئسلام پەیدا بوو)بووە بە (-گاە).لە هونەری مۆسیقا بەکاردێ (دوو گاە ) و( سێ گا) تا دوایی(حکمت1350: 320) . مۆسیقا لەگەڵ ووتنی سرودی گاتاکان بۆ ستایش کردنی ئاهۆرامەزدا لە ئەتشگاکان بەکارهاتووە.

لەرووی مێژوویيەوە سەرهەڵدانی مۆسیقا بۆ سەردەمی پاشای ئەفسانەیی (جەمشید)دەگەڕێننەوە " گوایە ئەو مۆسیقای داهێناوە (الثعالبي1991 : 14) . ئەو ئامێرەی بۆ مەراسیمی ئاییني زەردەشتی بەکارهاتووە زیاتر ئامێری (سەنج) بووە(مبینی و حق پرست 1397 : 106) .چونکە مۆسیقا کاریگەری لەسەر دەروون دروست دەکات و هاندەرە بۆ ئەنجام دانی پەرستشەکان زیاتر لە ئاتەشگەکان لە ژێر چاودێری پیاوانی زەردەشتی لە خوێندنی سروتە ئايينيەکان دەخوێندرا.

---

دروست کرد دواتر کیسرا ئەنۆشێروان لە ناوی برد. جگە لەمانە ئايينەکانی یەهودی و مەسیحی و بودی لە دەوڵەتی ساسانی هەبوونە.(جەمیل 2018: 118-140)

لە ئایینی (مانی) دا زۆر گرینگی بە مۆسیقا دراوە (مانی) خۆی لەو بڕوایە دابوو ئاواز و گۆرانی ڕۆڵێکی گرینگ دەبینی لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکەی هەروەکو روونە مانی وێنەکێشێکی زیرەك و لێهاتوو بووە لەگەڵ ئەوەش دا هونەرمەند بووە وشەی جوان و کاریگەری لە گەڵ ئامێری مۆسیقا بەکارهێناوە بۆ زیاتر کێشکردنی پەیڕەوانی دینەکەی. لە دیدی مانی " مۆسیقا دەنگی ئاسمانە" بەتایبەتی مۆسیقای عیرفانی و سۆفیگەری وغەمباری. تا وای لێهات پەیڕەوانی گرینگی زۆر بە بەکارهێنانی مۆسیقا بدەن. بۆیە مۆسیقا جۆرە پیرۆزیەکی وەرگرت بۆیە بە وشەی (مەزامیر) گوزارشتی لێکراوە. (حاتمی ودیگران 1394: 116)

لەسەردەمی قوباد کوری فیرۆز(488-531 ز) بزووتنەوەی مەزدەکیەت بە دەرکەوت ، ئەویش وەك ( زەردەشتیەت ) و ( مانیەت ) گرینگی بە مۆسیقا دا. مۆسیقا لە ئایینی مەزدەکی یەکێ لە بنەماکانی بووە ، ئەو چوار بنەمایە لە سەر هێزی ڕوحی وەك( هەست،عەقل،بیری ،شادی) بونیادنراوە. وەك دیارە ( خۆشی –شادی )یەکێ لەو چوار هێزە بووە کە ئەویش لە ڕێگەی مۆسیقا وئاوازی خۆش بە مەبەستی بەخشینی خۆشی و بەختەوەری دەروونی بەکاریان هێناوە (بیات 1365: 259 ؛ تاج بخش 1381: 319 ). هەروەها لە ئایینی یەهودی و مەسیحی مۆسیقایان ، بەهەمان شێوەی ئایینی زەردەشتی و مانیەت و مەزدەکیەت لە پەرستگاکاندا لەگەڵ ئاوازی ئایینی بۆ پەرستن و پارانەوە بەکارهاتووە(العتابی 2013: 150).

### 3:2 پاڵنەری مێژوویی

مۆسیقا لە سەردەمی ساسانیەکان پەیدا نەبووە ، بەڵکو پێشینەیەکی مێژوویی لە وڵاتی ئاریان هەبووە،بۆ نموونە لەسەردەمی ئەخمینیەکان (550-331 پ.ز) کۆمەڵێك ئامێری مۆسیقی وەك عود و چەنگ(قیثارە) ونەی و قانون هەبووە . لە داب و نەریتی ( گۆرانی و هەڵپەرکێ) ئامێری (چەنگ) و (نای) و(دەهۆل) و( دەف) یان بەکارهێناوە. (مبینی وحق پرست1397: 105) جگە بۆ مەبەستی ئاینیی (مەزهەبی) هەروەکو ئاماژەی پێکرا . مۆسیقا لە کاتی جەنگەکانیش(رزم) بەکارهاتووە کە بۆ

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاگادار کردنەوە وهاندان و هێرش کردن بۆ سەر دوژمن . لە کاتی هێرشەکان ئامێری مۆسیقی تایبەت وەك (دەهۆل) یان (بوق) لە گەڵ وتنی سرودی جەنگ بەکارهاتووە. هەروەکو مێژوونووسی یۆنانی ( هیرۆدۆتس ) ئاماژە بە ڕۆڵی مۆسیقا لە رۆژگاری ئەخمینیەکان دەکات و دەنوسێت: کاتێ شەر دەستی پێ دەکرد کۆرشی مەزن سرودی جەنگی دەوت و سوپاکەش بە دڵ و گیان بە دەنگی بەرز لە دواییان دەوتەوە لە گەل دەنگی (کەرنا) (بهزادی 1381: 154). ئامێرەکانی شیپور(بوق) ودەهۆل گرینگترین ئامێرەکانی مۆسیقای جەنگی ئەو کات بوونە.

هەروەها مۆسیقا بۆ (بەزم) وخۆشی و شادی پاشاکانیش بە کارهاتووە وەك ئامرازێکی چێژبخش لە گشت بوارەکانی ژیانی رۆژانەیان بوونی هەبووە ، لە کاتی نانخواردن و دادەنیشتن دەستەی میوزیکژەنان و گۆانیبێژان ومیوزیکیان دەژەنی و گۆرانیان دەچڕی کەنیزەکە سەماکەرەکان خەریکی سەماکردن بوون گۆرانیبێژان و میوزژەنان گۆرانیان دەووت بۆ سەرگەرم کردن و خۆشحالیکردنی پاشا. هەروەها لە کاتی ڕاو و یاری کردن دا مۆسیقا بەکارهاتووە کە بۆ هاندان و دروستکردنی کەشێکی (هیجان –جۆش و خرۆشاندن و خۆشی) هەروەها بۆ راونان و ترساندنی ئاژەڵ و باڵندەکان .(علیئی ودیگران 1398: 44)

هونەری مۆسیقا لەدوای داگیرکردنی ئێران لە لایەن ئەسکەندەری مەکدۆنی 331 پ.ز ئێران کەوتە ژێر کاریگەری شارستانێتی یۆنانی و دواتریش سەرردەمی سلوکی(304-247 پ.ز)، بۆیە لەم ماوەیەدا ئەوەی تێبینی هونەرێکی تێکەڵاوی لە رۆژهەڵاتی و رۆژئاوای بەدەرکەوتووە .بەهەمان شێوە لە هونەری مۆسیقاش ڕەنگدانەوەی هەبوو(کالێچ 2010: 21) .دوای دەرکردنی سلوکیەکان ، ئەشکانییەکان دەسبەرداری مۆسیقا نەبوون ، ئەوانیش وەك ئەوانەی پێش خۆیان گرینگیان بە مۆسیقا داوە ، کۆمەلێ ئامێری میوزیکی لەو سەردەمەدا بە کارهاتووە هەروەکو تاج بخش(1381: 273)دەنوسێت : ئەو ئامێرەی لەو سەردەمەدا ئەشکانیەکان گرینگیان پێداوە "نەی" و "تنبور" و " دەهۆلی چەرمی "بوونە . بەلام لە کاتی شەڕو هێرشەکاندا (شیپور) و (کەڕنا)یان بەکاربردووە (علیئی

و دیگران 1398 : 45). بەڵام هونەری مۆسیقا لە ماوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ساسانی دا مەزنترین ماوەی پێشکەوتنی بەخۆوە بینی ئەوەش لە دەرئەنجامی کەلەکەبووی شارەزایی و داهێنانی ئامێر و ئاوازی نوێ بووە. بەمجۆرە مۆسیقا بووە کایەکی فرەرەهەندی و لە زۆر بوار بە کارهاتووە ، وەك

1. چێژبەخشی کۆشك
2. کاتی شەڕ
3. ڕاو و شکار

لە ئەنجامی هەبونی پەیوەندی رۆشنبیری و شارستانێتی لە نێوان دەوڵەتی ساسانی و وولاتانی دەوروبەر وەکو هیند ، ئەو پەیوەندی کاریگەری هەبووە لەسەر پێشکەوتنی زیاتری هونەری مۆسیقا هێنانی ئامێری تر بۆ ناو دەوڵەتی ساسانی وەکو ئامێری (ڤینا ) ناسراو بە عودی هیندی (محمدی 1396: 152).

لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پاش ئەوەی ئایینی مەسیحی بوو بە ئایینی فەرمی لە ساڵی 313 ز بە پێی مەرسوم میلانۆ ، ئەو ئایینە جیاواز بوو لە زەردەشتیەت لە رووی گرینگی دان بە مۆسیقا بەوەی پیاوانی کەنیسەی مەسیحی زۆر داخراو بوون ڕێگایان نەدەدا برەو بە مۆسیقیا بدرێ ،تەنها بۆ مەبەستی پەرستن و پارانەوە نەبێ ، بۆیە فێربوونی مۆسیقا تایبەت بوو بە کەنیسە ، ئەوە ئامێرەی زیاتر بۆ پەرستن ودوعا و پارانەوە بەکارهاتووە بریتی بووە لە ئۆرگۆن(پیانۆ) (غربال 1987: 1783).

**3:3پاڵنەری کۆمەڵایەتی**

مۆسیقا تەنها بۆ مەبەستەکانی (ئایینی وجەنگی و خۆشی) بەکارنەهاتووە بەڵکو لە چەندەها بواری کۆمەڵایەتی تری بە کارهاتووە بۆ دەربڕێنی خۆشی و شادی لە ئاهەنگ و زماوەند و جەژنەکان دا (حکمت 1350: 319) وەکو لە (دایك بوونی منداڵ)، بەتایبەتی ئەگەر کوڕ بووایە ئەوا زۆر خۆشحال دەبوون بۆ دەبرینی ئەو خۆشیە وێرای خێر کردن ، بە ژەنینی مۆسیقا و هەڵپەرکێ گوزارشتیان لەو بۆنەیە دەکرد(پناهی وکدخدایی 1398 : 41) . هەروەها لەکاتی ئەنجام دانی (ئاهەنگی هاوسەرگیری)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مۆسیقا بەشێکی پێویست بووە بۆ ئەو بۆنەیە هەروەکو علیئی ودیگران( 1398: 39) ئاماژەی پێ دەکەن و دەنوسن: کە لە رێورەسمی هاوسەرگیری لەسەردەمی ساسانی گروپی میوزیکژەنان و گۆرانی بێژان بەرنامە و پرۆگرامی تایبەتیان هەبووە کە گۆرانیان دەوت و جۆرەکانی مۆسیقا لە (تار) و (سێتار) و(نای) و(زوورنا) و ( دەهۆل)_یان بە کاردەهێنا و سەماکەران بە جوولە و بزاڤە سەرنجراکێشەکانیان میوانەکانیان سەرگەرم و خۆشحال دەکرد . بە گشتی لە گشت ماوە مێژووییەکاندا مۆسیقا لە بەشێکی گرینگی ئاهەنگی هاوسەرگیری بووە.

مۆسیقا لە ماوەی ئەشکانی هۆکارێك بوو بۆ پەروەدەو فێربوونی منداڵان و نەجەوانان کە بەرهەمی ئەدەبی شیعری "درەخت ئاسۆریك" گۆرانبێژان بە شێوەی گۆرانی لە گەڵ میوزیك دەیان ووتەوە بۆ فێربوونی منداڵان( 1398: 46) سەرباری ئەمانە مۆسیقا بۆ لایەنی پزیشکی و(چارەسەری نەخۆشی)بەکارهاتووە. چونکە مۆسیقا پەیوەندی ڕاستەخۆی بەناخ و دەروونی مرۆڤەوە هەیە دەبێتە بەخشینی ئارامی وخۆشی و شادی لە هەمان کاتدا هۆکارێکە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی دەروونی . بەکارهێنانی مۆسیقا لە پەرستگاکان دا زیاتر بۆ بەخشینی خۆشی دەروونی بووە لای زۆربەی میللەتە کۆنەکانی وەك وڵاتی ، دوورووبار، و میسر و یۆنان لە پەرستگاکان بۆ دەرکردنی گیانی خراپە بە ئامێری دەهۆل یان تەبل گوزارشتی لێ کراوە (بهزادی 1382: 462). لەسەردەمی ساسانی وێرای بەکارهێنانی مۆسیقا بۆلایەنەکانی" ئایینی و جەنگی و خۆشی " بۆ چارەسەریش بەکارهاتووە. لە نەخۆشخانە و زانکۆی پزیشکی (گوندی شاپور) وەکو بابەتێکی خوێندن هەر فێرخوازێکی زانکۆکە پێویست بوو شارەزایی لە میوزیك هەبێ، چونکە بە بەشێکی چارەسەری هەژمار دەکرا (حاتمی ودیگران 1394: 117).

بەشێکی تری مۆسیقا لە رێورەسمی (پرسە) و( ناشتنی مردوو) بەکارهاتووە (مبینی و حق پرست 1397: 109). لە مێژوودا بە پرسەی ماتەمینی (سیاوش)ناسراوە .( کاتوزیان 2014 :49)کە سیاوش بە ستەم لە لایەن تۆرانیەکان کوژراوە، (بۆرەکەیی 1384: 139)بۆیە بۆ مردنی هەرکەسێك مۆسیقای

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ماتەمینی تایبەت هەبووە. بۆ نموونە هەر کاتێ سەربازێك لەشەڕ بکوژرابا (کۆرش) بە شێوەی ئاوازی غەمبار گۆرانی دەچڕی( علیئی ودیگران 1398 :44).بەهەمان شێوە لەسەردەمی ساسانیش بۆ هەمان مەبەست بەکارهاتووە.

## تەوەری دووەم :ڕۆڵی پاشایانی ساسانی لەبەرەو پێشبردنی هونەری مۆسیقا

لە سەردەمی ساسانیەکان مۆسیقای ئێرانی گەیشتبووە ئەوپەری پێشکەوتن، ببووبە بە هونەری نیشتمانی و نەتەوەیی (تاج بخش1381 :319).ئەو پێشکەوتنە لە ئەنجامی گرینگی دانی هەندێ پاشای ساسانیەوە بووە ، هەر لەو ڕوانگەوە شازادەکان هەر لە تەمەنی بچووکیەوە فێری میوزیك دەکران (بارتمله1337 : 43).

چینی میوزیك ژەنان و گۆرانیبێژان شوێنێکی تایبەتیان لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵگای ساسانی هەبووە. ئەم گرینکی پێدانەی دەسەڵات بە میوزیك ژەنان و گۆرانی بێژان ڕاکێشانیان بۆ لای خۆیان بووبە هۆی ئەوەی زەمینە بسازێ بۆ گەشەکردنی هونەر و دەرکەوتنی کەسانی شارەزاو لێهاتوو لەو بوارەدا ، لە لایەکی تر ئەم هونەرە بۆ خۆشی وشادی دەسەڵاتدارەکان بووە. بەوەی ئەوان هەموو خۆشیەکی ژیان بۆخۆیان فەراهەم دەکرد لە خۆش ڕابواردن و خۆشگوزەرانی لە خواردن و خواردنەوە وگوێگرتن لە ئاوازی خۆش و کەیف و رابواردن (دریای 1390 :156)

هەربۆیە چینی میوزیژەنان بوونە چینێکی دیاری کۆمەڵگای ساسانی لە گەڵ چینی نوسەران لێکدران. دامەزرێنەی دەوڵەتی ساسانی ئەردەشێر بابك( 224_ 242ز ) لە ماوەی بەرایی حوکمڕانی خۆی لە دەستوری دەوڵەتی ساسانیدا پێگەی میوزیکژەنانی لە ڕێزبەندی کۆمەڵگای ساسانی دیارکرد، بەوەی لە چوار چینەکە( پیاوانی ئایینی ،جەنگاوەران ،نوسەران ،چینی گشتی) لە چینی سێهەم لە گەڵ نوسەران بوونە هەروەکو ئاماژەی پێ کرا (کریستنسن 1957: 86). جاحظ (1914: 26) ئەو ڕێزبەندیەی توێژی میوزیکژەنان دووپاتدەکاتەوە هەروەك دەنووسێت (وکان یقابل الطبقة الثالثة من

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

اصحاب الفكاهات ( الونج و سنج الة من الات الطرب) والمعازف والطنابير " ئەوان ( میوزیکژەنەکان ) لە چینی سێیەم بوون.

جگە لە پەرستش و چێژوەرگرتن ،گرینگی دان بە مۆسیقا و گۆرانی ووتن پەیوەندی بە جەژن بۆنە نەتەوەیی و مێژووییەکانەوە هەبووە ،چونکە لە دەوڵەتی ساسانیدا ژمارەیەکی زۆر ئاهەنگ و جەژنی ساڵانە هەبووە وەکو (نەورۆز) ، لەم بارەیەوە  ماری بویس(2010: 149) دەنوسێت : هەموو کات مۆسیقیا پەیوەست بووە بە  نەورۆز،  شاکان ئاهنگی زۆریان دەگێرا، خەڵکەکەش لە ئاهەنگەکانیان لە هی پاشاکان کەمتر نەبوو ، ئەوان بۆ ئاهەنگی نەورۆز دەرۆیشتنە دەرەوەی شار و مۆسیقایان دەژەنی گۆرانی و ئاوازی خۆشیان دەچری .بە هەمان شێوە ابن خرداذبە زیاتر ئەمە ڕوون دەکاتەوە و دەنوسیت: لە نەورۆزدا  پاشا دادەنیشت گۆرانیبێژان گۆرانیان دەچڕی ستایشی پاشایان دەکرد و باسی پاڵەوانیەتی و جەنگەکانیان دەکرد لە ڕێگەی ئەو پیاهەڵدانە داواکارییەکانیان پێشکەش بە پاشا دەکرد(1969: 4).

زۆربەی پاشاکانی ساسانی متوی میوزیك بوون ، بۆ نموونە ئەردەشێر کوڕی بابك خۆی شارەزاییەکی باشی لە لێدانی (تەنبور) هەبووە، هەروەکو لە کارنامەی ئەردەشیر بابکان (کارنامك :بخش2 :8 )دا هاتووە : کاتێ ئەردەشێر لە تەوێڵەی ئەسپ  زیندانی دەکرێت ،بۆ لابردنی دڵتەنگی خۆی تەنبوری لێدەدا و سروودی دەخوێند . هەروەها لەسەردەمی شاپوری یەکەم ئامێری عود بەدەرکەوتووە وەکو ئامێری ژەنین ابو الفداء لەوباوەڕەیە :ئامێری (عود) لەسەردەمی شاپوری یەکەم (242-272ز)بەدەرکەوتووەو بۆ چڕینی گۆرانی بەکاردەهات (1968 : 48) بەوەی لە داهێنانی ساسانیەکان بووە ، چونکە لە نوسراوەکانی یۆنانی ناوی نەهاتووە.( علیئی ودیگران 1398  :47)

لەسەردەمی بەهرامی پێنجەم (421ز-439 ز) قۆناغێکی جیاواز بوو بۆ هونەری مۆسیقا لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری لەو ڕێزبەندیە کۆمەڵایەتیە کرد وپلەی گۆرانبێژان و میوزیکژەنانی بەرزکردەوە، گۆڕانکاری لە ڕێزبەندی چینایەتی کردووە بەوەی هەر گۆرانیبێژێکی لە لا پەسند بووایە ڕێزبەندی کۆمەڵایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرزدەکردەوە ،بەم شێوەیە بوو تا سەردەمی (کیسرا ئەنۆشێروان) وەکو سەردەمی پێشتری لێکردەوە هەروەکو ئەردەشێر کوری بابك ڕێکی خستبوو.( المسعودی1973: 1 :246) بەهرامی پێنجەم خاوەنی داستان و چالاکی زۆر بووە زۆر ئارەزووی ئەدەب و هونەربووە چەند زمانی زانیوە و شعری بە عەرەبی هۆنیتەوە(عوفی 1906: 19؛ المسعودی 1973 : 1 :261) ئەو گرینگی دانەی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی هونەری خۆی بووە لە تەمەنی پازدە ساڵی فێری ئەدەب و هونەر و زۆربەی زانستەکان ئەو سەردەمە بووە فێری ژەنینی مۆسیقا بووە (طبری 1999: 1: 32) چەندەها ئەفسانە و داستانی تایبەت بە ناوی ئەو لە ئەدەبیاتی ساسانی هەیە ،(کریمی و شاطری 1394 :19) کاتی دەردەچوو بۆ ڕاو ئافرەتە میوزەکژەنەکانی لەگەڵ بوونە کە (قیسارە)-یان بۆ دەژەنی بۆ دڵخۆش کردنی .کەنیزەکەکی هەبووە بەناوی (ئازادە ) ئامێری چنگ( قیسارە یان هارب)ژەنیوە لە زۆربەی کاتەکان لە گەڵی بووە و تا ئەو کاتەی لە کاتی ڕاوو شکار کردنیش مۆسیقای بۆ لێدەدا (خطیبی 1381: 19) هەروەها داوای کردووە لە هیندستان دوازدە هەزار لە شارەزایانی مۆسیقا و گۆرانی بێژانی لە کوڕان و کچان بهێنرێت بۆ دەوڵەتی ساسانی پێیان دەووترا (لوری ، کولی، لولی)[2] گۆرانیان دەووت و مۆسیقایان لێدەدا(پیرنا2013: 191 ) . فیردەوسی ئاماژە بەو کۆمەڵەیە دەکات دەڵێ ئەوان لە ئێران مانەوە بە دواتر ناسران بە غەجەر (قەرەج) (1977: 161). حەمزە ئەصفهانی ئەویش بە هەمان شێوە ئاماژە

[2] .. لە بارەی چۆنیەتی هاتنی ئەو کۆمەڵە گۆرانیبێژانە لە لای پیرنا و فیردەوسی جیاوازی هەیە بەوەی پیرنا ئاماژە بەوە دەکات کە بهرام رۆیشتووە بۆ هیند شەڕی هەیاتیلەکانی کردووە پاش سەرکەوتنی بەسەریان مەلیکی هیند دوازدە هەزار لە کوڕ و کچی مێوزیکزان و گۆرانیبێژانی پێ بەخشی ،بەڵام فیردۆسی لە شانامە باس لەوە دەکات بەهرامی پێنجەم بڕیاری دابوو کە دەبێ خەڵك نیو ڕۆژ کار بکەن . نیوەی تر بە خۆشی ڕابوێرن .کاتێ دیتیی خەڵکەکە دانیشتوون بە بێ ئاهەنگ و خۆشی. پرسیار دەکا بۆچی ئەوانە خۆش ڕانابوێرن مۆسیقا لێ نادەن؟ ئەوانیش لە وەڵام پێی دەڵێن: ژمارەی مێوزیکزان و گۆرانبێژیان کەمە. ئەوەیش لەبەر ئەوە نێردە دەنێرێ بۆ مەلیکی هیند بەوەی خەزووری بووە. داوای لێ دەکات ژمارەیەك گۆرانیبێژان میوزیکزانانی بۆ بنێرێ ،بەڵام لەوە ناچێ ئەوە ڕاست بێ کە شاهینشاە لە خەمی خۆش گوزەرەانی خەڵکی ئاسایی دابێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەو کۆمەڵەیە دەکات و دەنووسێت : ئەوانە لە سەراپای وڵات پەرش و بڵاوەیان پێ کرابوو . ئەوانە لە دەوڵەت مانەوە وهاوسەرگیریان لەنێو خۆیان ئەنجام دا دواتر ناسران بە(الزط) (1961: 43) .ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی مۆسیقای هیندی لە ئێران زۆر پەسند بێ. پێشتریش مۆسیقای یۆنانی زۆر بڵاو و باو بووە ، ئەو هەنگاوەش بۆتە هۆی تێکەڵ کردنی مۆسیقای( یۆنانی )و (هیندی) بێگومان ئەمە کاریگەری هەبووە لەسەر پێشکەوتنی مۆسیقای ئێرانی(نفیسی 1388: 28).

لەسەردەمی کیسرا ئەنۆشێروان پێشکەوتنی زۆری هونەری و ئەدەبی سەریهەڵدا بەوەی کیسرا خۆی زۆر گرینگی بە زانست و هونەر و فەلسەفە داوە (جلیلیان وگیلانی 1396: 21)، پەیوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبی لە گەڵ دەوروبەر هەبووە ،پزیشك و زانای بە ناوبانگی ئەو سەردەمە (بەرزەوەیە)ی ناردووە بۆ هیندستان بۆ سەرچاوە و زانستی جۆراوجۆری ئەو سەردەمە . وەکو لەوانە هێنانی ئامێری مۆسیقا بەناوی (ڤینا) بووە کە ناسراو بوو بە ئامێری سێتار (سێ تار) یان عودی هیندی (محمدی 1396: 152) بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی لەو سەردەمە هەبووە مۆسیقا وەکو چارەسەری نەخۆشی بەکار هاتووە( حاتمی وپاکبازی وغفاری 1394: 127).

هەروەها لەسەردەمی خوسرەو پەرویز(کیسرای دووەم) هونەری مۆسیقا زیاتر پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی. چونکە خوسرەو پەروێز یەکێ لەو شایانە بووە گرینگی زۆری بە خۆش ڕابواردن داوە . هەروەکو کرسیتنسن لەم بارەوە دەنوسێت : لەو سەردەمەدا بەتامترین خواردن و خواردنەوەیان چێشتووە و خۆشتیرین بۆنیان بەکارهێناوە ،گوێیان بە ناوازەترین ئاوازی مۆسیقا گۆش کردووە. (1958: 464)

سەردەمی خەسرەوی پەروێز کە 37 ساڵی خایاندووە بەسەردەمی زیرینی هونەر ومۆسیقا دادەنرێ ،بەهۆی گرینگی پێدانی شا بەو هونەرە و لە لایەکی تر کەسانی لێهاتوو لە هونەری مۆسیقا و ئاوازدانەر و گۆرانیبێژانی شارەزا و بلیمەت هەڵکەوتن (تاج بخش 1381: 322) لە گەڵ ئەوەش داریوش صفوت(1350 :7-8) لەو باوەڕە دایە مۆسیقا لەو سەردەمە بە ئەندازەی سەردەمی (بەهرام گور)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێشکەوتوو نەبووە، بەڵکو ئەو پێشکەتنە بۆ هەڵکەوتنی کەسانی بیلیمەت و شارەزای بواری مۆسیقای وەك (باربەد) و (نکیسا) بووە .

**4:2.بەناوبانگترین میوزیکژەن و گۆرانیبێژانی سەردەمی خسرەوی پەروێز:**

کۆمەڵێ ئاوازدانەر و گۆرانیبێژ لەو سەردەمە دا بەدەرکەوتن کە رێزی زۆریان هەبووە هەم لە لای شا لە کۆمەڵگای ساسانی وەك: باربد ، ئازاد، چنگی،نکیسا ، سرگش، بامشاد، رامتین، (نفیسی 1388: 28)، بەڵام لە هەمووان بەناوبانگتر (باربەد) بووە الثعالبي (1991: 407)ناوی (باربەد) و (سەرکش) دەهێنێ دەڵێ "ئەو دووکەسە سێیەمیان نەبووە " . ناودارترین ئاوازدانەر ومیوزیك ژەن بوونە لەسەردەمی خوسرەو پەروێز . بەڵام بە پێی ئەوەی لەسەرچاوە فارسیەکان هاتووە ( ارین 1391 : 63؛ تاج بخش 1381: 320) باربەد لەهەمووان بەناوبانگتر بووە. بۆیە زیاتر لەسەر بابەرد دەوەستین:

- باربەرد،ناوەکەی بە شێوازی جیاواز هاتووە وەك : باربەد،باربود ،بەربط،فهلبذ, فهربد، بەهلبەند. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە سەرچاوە عەرەبیەکان بە فهلبد یان بهلبد یان بهلبذ هاتووە (فارابی 1935: 60 ؛ الثعالبی1991: 697). باربەد ئاوازدانەرو هەڵبەستڤان و گۆرانی بێژبووە، کەسێکی زۆر بەناوبانگ و کاریگەر بووە لە لای خەسرەو پەروێز(تاج بخش1381: 322) , خەڵکی (مەرو) بووە. ابن خردادبە دەڵێ گەورەترین گۆرانیبێژی سەردەمی (کیسرا پەروێز) بووە. (1969: 4 ) ئامێری (عود) ی لێدەدا، زۆر شارەزاو لێهاتوو بووە ، هەروەکو ثعالبی ( 1991: 697) ئاماژە بەوە دەکات دەونوسێت: کە خەسرەو پەروێز زۆر سەرسام بووە بە دەنگی (فهلبذ) کاتی بۆ یەکەم جار گوێبیستی دەنگی بووە ، وتویەتی "ئەوە تەنها فریشتەیەکە کە خودا ناردوویەتی بۆ ئەوەی گۆرانییم بۆ بچری ".زۆر خۆشحالی دەکرد بە ئاواز و گۆانیەکانی، ئەوەندە جێ رێز و ستایش بووە لە لای خسرەو زۆر جار هەوڵدراوە هەندێ داواکاری لە رێگەی "باربد"ەوە بە شا بگەینن بۆ نموونە سەرچاوەکان (یاقوت الحموی1997 :3: 319؛ الثعالبی1991: 697 ؛ نفیسی 1387: 27؛بیات 1365: 258) ئاماژە بە ڕووداویکی

سەرنج راکێش دەکەن ئەویش : خوسرەو پەروێز ئەسپێکی زۆر دڵخوازی هەبووە بە ناوی (شەبدیز) زۆری خۆشویستووە لە لای بەوەی دەڵێن خوسرەو سێ ئەدگاری هەبووە وەکی هی کەس نەبووە ئەوانیش خۆشویستني ئەسپەکەی شەبدیز[3] و خۆشەویستەکەی شیرین و گۆرانیبێژەکەی باربەد(بەهلبەند)بوونە. ئەو ئەسپەی زۆر تایبەت بووە پاشای هیند بە دیاری بۆي هێنابوو. (شەبدیز) نەخۆش دەکەوی خوسرەو سوێند دەخوات هەرکەسێ هەواڵی مردنی شەبدیزی بۆ بهێنێ, دەیکوژێت.بۆیە ئەوانەی چارەسەری شەبدیزیان دەکرد نەیان توانی رزگاری بکەن شەبدیز دەمرێت.لة ئەنجامدا کەس ندەوێرا هەواڵی مردنی شەبدیز بۆ خوسرەو بەرێ لەبەر ئەوە دێن بە باربەد دەڵێن ئەویش بە ئاوازیکی خەمباری گۆرانی دەچرێ لە ناو گۆرانیەکە باسی ئەسپەکە دەکات و دەڵێ :شبدیز ڕاکشاوە و ناجووڵێ و هیچ ناخوات . یەکسەر پاشا دەڵێ شەبدیز مرد؟ باربدیش ڕادەوەستی لە گۆرانی وتن و دەڵێ : ئەوا بەخۆت ووتت مرد ! بەم جۆرە باربەد توانی ئەم ڕووداوە چارەسەر بکات.

باربەد خاوەنی یان داهێنەری ئاواز " نوتە" ی و ناسراوەبە دەستگای خەسرەوانیە یان حەوت خەسرەوانی یان(سی ئاوازی باربد) بووە داهێنا کە لە سی ئاواز و سێسەد و شەست ئاهەنگ پێکهاتبوو، بە پێی ڕۆژەکانی هەفتە و مانگ و ساڵ ڕێکی خستبوو .پێ دەووترا خەسرەوانی واتا ئاوازی خۆش بۆ خوسرەو پەروێز داهێندرا بوو(الثعالبی 1991: 698 ؛ بهزادی 1382: 455) . هەر یەك لەو ئاوازانە ناوێکی تایبەتیان هەبووە هەروەکو ثعالبي دەنووسێت : باربەد سەرەتا گۆرانی بۆ خسرەو داستانی ئافراندنی خودا (یزدان افرین) و فورخاری مەزن( پرتو فرخار ) و سەوز لە سەوز (سبز اندر سبز)ووتوە. هەندێکیان تایبەت بوونە بە ڕووداوی مێژویی وەك تۆڵەی ئیرج (کینی ئیرج) و تۆلەی سیاوش (کینی سیاوش) و تەختی ئەردەشێر،و داستانی نەورۆزی مەزن وجوانی خۆر و مانگ لە سەر چیاکان ،

[3] . شەبدیز بە وتای ڕەنگی رەش وەکو شەو. شب بە واتای شەو/ دیز بە مانای وەکو. ڕەنگی ئەسپەکە رەش بووە وەکو ڕەنگی شەو .دیکشنری انلاین .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها ستایشی خوسرەو پەرویز وەك باخی شیرین وباخی شهرەیار و هەفت گەنج و ئاهەنگی شەبدیز چەندەها ئاهەنگی تر (کرستنسن1957 :468 ؛ تاج بخش 1381: 322؛ بۆرەکی1384: 880). ئەو پێشکەوتنە لەو سەردەمەدا وای کردبووپیاوانی ئایینی مەسیحی لە ئیمپراتۆریەتی رۆمی رۆژهەڵات بێنە پایتەختی ساسانی بۆ فێربوونی ژەنینی مۆسیقا( کویر 1396: 32). هەبوونی سەرچاوەی نوسراو ، وێنەی سەر دیوار و نەخشی سەر کەڵوپەڵە دروستکراوەکان ئەوە دەردەخەن کە کۆمەڵێ ئامێری مۆسیقا بوونی هەبووە لەم ماوەیەدا زۆر بەکارهاتووە (دیاکونوف1390 : 379).

باشترین نموونەش تابلۆی ڕاوکردنی خوسرەو پەروێزە لە (تاق بستان) وێنەی ڕاوکردنی پاشا خوسرەو چەندەها بابەت نمایش دەکات وەك ڕاوکردنی ئاسك لەبەشی چەپی تابڵۆکە کۆمەڵێ لە میوزك ژەنان لەلا دیوارەکی هەڵکەندراوە،وادیارە پاشا خەریکی ڕاو کردنە لە هەمان کات دا لە لایەکی تابلۆکە چەندەها وێنەی ئافرەت دەبیندرێ مۆسیقا دەژەنن . وەك ئامێرەکانی (عود) و (نای) و(قیسارە) و (دەف) دەژەنن (بهرامی 1394 :126)لەوە دەردەکەوێ کە ئافرەتان لەسەردەمی ساسانی بەژدار بوونە لە ژەنینی مۆسیقا، ئەو وێنەیەی تابلۆی (تاق بستان) وەکو ئاهەنگێکی مۆسیقای بە کۆمەڵ(ئۆرکێسترا) وایە کە کۆمەڵێ ئافرەت دانیشتوون ئامێری سەنج دەژەنن.

### 4:3. ئامێرە مۆسیقیەکانی سەردەمی ساسانی:

ئەو ئامێرە مۆسیقیانەی لە سەردەمی ساسانی بەکارهاتوون بە پێ ئەوەی لە شانامە یاخود ئەو وێنانەی لە سەر ڕووی بەرد هەڵکەندراو و ئامانی لە کانزا دروستکراو نەخشی سەر دیوارەکانی ئەو سەردەمەدا ،دەردەکەوی کۆمەڵێ ئامێری پێشکەوتوو بۆ ئاواز و چرینی گۆرانی بەکارهاتووە هەروەکو توێژەران رستمی وچیت ساز و ابادی (1394: 71) ئاماژەی پێ دەکەن کە ساسانیەکان ئاشنای ئامێرەکانی مۆسیقا ودروستکردنی بەهەر سێ جۆرەکەی هەوای و ژێداری و کوتانی"زەربی" بوونە . لە گرینگترین ئامێرەکانی فوداری یان هەوایی بریتی بوونە لە (فلوت ونای ،زوورنا و کەڕنا و بوق) . هەروەها (کریستنسن1956 :464 ) ئاماژە بە ئامێرەکانی مۆسیقای سەردەمی ساسانی دەکات و دەنوسێت:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئامێرەکانی (نای) و(عود ) وسەنج(هارب) کۆمەڵێ ئامێری تری وەك عودی هیندی (ڤینا) و ستنور و بربط (عود) و قرنی(کلارینت) و دەهۆلی بچووك (دومبەلیگ)سەرباری ئەمانە دەڵێ: ساسانیەکان ئامێری (تەنبور)یان لە لایان پەسند بووە . چونکە ئەو ئامێرە لە پاڵ شیعر وتنەوە بەکار هاتووە کە نەرتێکی کۆنی ناوچەکە بووە . لەوانەشە بەهۆی ئەوە بوو بێ کە ئەردەشێر دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی بەکاری هێناوە . هەروەها دیورانت ( 2011: 614) لەم بارەوە دەنوسێت :ئێرانیەکان ئارەزووی زۆریان بۆ گۆرانی و سەما کردن هەبووە زیاتر چێژیان لە لێدانی ئامێرەکانی "چەنگ و نەی و تەپڵ ودەوف وەردەگرت"

بە پشت بەستن بە تاج بخش (1381: 320) کە ئاماژە بە گرینگترین ئامێرەکانی مۆسیقی سەردەمی ساسانی دەکات و دەنوسێت: بریتی بوونە لە ئامێرەکانی (نەی )، (رەباب) ،(عود)،(چەنگ) یان سەنج(قیسارە) . وێرای ئەمانە چەندەها ئامێری تر لەو سەردەمە هەبوونە تا ئەو ڕادەیەی هەر ناوچەیەك ئامێری میوزیکی تایبەت بە خۆی هەبووە. وەکو خەڵکی خۆراسان و دەورو بەری ئارەزوویان لە (زەنج) بووە کە حەوت ژێی هەبووە دەنگی وەکو سەنج بووە. خەڵکی رەی و طبرستان و دێلم ئامێری طنبوریان بۆ گۆرانی ووتن بەکارهێناوە (ابن خردادبة 1969 : 4؛ :کریستنسن1957 :464)بەشی زۆری ئامێرەکان لە ناوخۆی دەوڵەتی ساسانی دروست دەکرا

## دەرئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێك گەیشتووین ، لەوانە

1. مۆسیقا لە سەردەمی ساسانیدا فۆڕمێکی تری وەرگرتووە ، بە جۆرێك پەیوەستکراوە بە بەرزکردنەوەی چینی کۆمەڵایەتی .
2. مۆسیقا لەو سەردەمەدا ، بە تایبەتی لە ماوەی فەرمانڕەوای هەر سێ پاشای ساسانی ( بەهرامی پێنجەم ، کیسرا ئەنوشێروان ، خەسرەو پەروێز ) هەر لە چوارچێوەی تقووسی ئایینی نەمایەوە ، بەڵکو بۆ بەشێك لە مەراسیمی دەوڵەت وەك تاج لەسەرنانی مەلیك و شەڕ و تازیە ... بەکارهات .

3. پاشاکانی ساسانی مۆسیقایان بۆکاتە خۆشەکان و سەرگەرمکردن لە کاتی خواردن و ڕاو کردنیش بەکارهێناوە .
4. مۆسیقا لە سەردەمی ساسانیدا هەر تایبەت نەبووە بە خۆشی و ڕابواردنی کۆشك ، بەڵکو سنووری کۆشکی بڕی و شۆڕبۆوە بۆ ناو کۆمەڵگا . لە زۆر بۆنە میللیەکان ، لەوانە نەورۆز بەکارهاتووە.
5. ئەو بەرەو پێشچوونەی مۆسیقا لە سەردەمی ساسانیدا وەیکرد جۆرە میلۆدیەك دروست ببێت بە ناوی ( خەسرەوانی ) و مۆرکێکی تایبەت وەربگرێت .
6. ئەو ڕەوشەی مۆسیقا لە دەوڵەتی ساسانی وەیکرد هاوسێکانی دەوڵەت بێنە پایتەختی دەوڵەت بۆ فێربوونی مۆسیقا.
7. داهێنانی چەندەها ئامێری میوزیکی بەهەر سێ جۆرەکەی ژێدارەکان و فودارەکان و کوتانی یان زەربیەکان بوونە وەك طنبور و دەف و دوهۆل و نەی و سەنج کە لە ئامێرە بەناوبانگەکانی سەردەمی ساسانی بووە.

## لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوە سەرەکیەکان

- الاصفهانی، حمزة بن الحسن( 1961) تاريخ ملوك الارض والانبياء.بيروت،منشورات دار مكتبة الحياة.
- الثعالبي ,ابو المنصور عبدالملك بن محمد بن اسماعيل النيسابوري(1963).تاريخ الغرر السير (غرر اخبار ملوك الفرس وسيرهم).تهران,مكتبة الاسد.
- الجاحظ ،ابو عثمان عمرو بن بحر (1914) التاج في اخلاق الملوك .تحقيق,احمد زكي باشا .القاهره,مطبعة الاميرية.
- ابن حوقل, ابي القاسم بن حوقل النصيبي(1992) صورة الارض . بيروت, منشورات دار صادر مكتبة الحياة.
- ابن خرداذبه ، ابو القاسم عبيدله بن عبدله (1969) المختار من كتاب اللهو والاملاهي تحقيق :اغناطيوس عبده خليفه اليسوعى. بيروت ،المطبعه الكاثوليكيه.
- ابو الفداء،اسماعيل بن على (1968) المختصر فى اخبار البشر.بغداد ة مكتبة المثنى.

- فارابي,ابي نصر محمد بن محمد بن طرخان (1935) كتاب الموسيقى الكبير .القاهره،دار الكتاب العربى للطباعة والنشر.
- المسعودى ،ابى الحسن بن على الحسين بن على (1973) مروج الذهب والمعادن الجوهر..بيروت، دار الفكر.
- ياقوت الحموي,شهاب الدين ابي عبدله ياقوت بن عبدله (1977) معجم البلدان. بيروت ’دار صادر .

**سەرچاوە عەرەبیە لاوەکیەکان.**

- پيرنا ،حسن (2013) تاريخ ايران من البداية الى نهاية العهد الساسانى، ترجمة: محمد نورالدين عبدالمنعم السباعى محمد السباعي. القاهره، المركو القومى للترجمة.
- الحلو,سليم (1972)اصول الموسيقى العربية وقواعدها العامة,بيروت, منشورات دار مكتبة الحياة.
- ريد،هربرت(1988) معنى الفن.ترجمه:سامى خشبه،مصر، الهيئة المصرية العامة للكتاب.
- علي , سيد احمد بخيت(1981) تصنيف الفنون العربية والاسلامية.الولايات المتحدة الامريكية, المهعدالعالمي للفكر الاسلامي.
- غربال،محمد شفيق واخرون(1987) الموسوعه العربيه الميسره. المجلد الثانى،.بيروت، دار النهضة.
- فردوسي ,ابي القاسم (1977 ) الشاهنامة ملحمة الفرس الكبرى ,ترجمة : سمير مالطى . بيروت , دار العلم للملايين.
- كاتوزيان، هوما (2014) الفرس ايران فى العصور القديمه والوسطى والحديثة.ترجمه: احمد حسن المعينى. بيروت، جداول للنشر والترجمة والتوزيع.
- النواب ،رويده فيصل(2016) سياسه الدوله الاخمينية.مجلة الفنون والادب وعلوم الانسانيات والاجتماع. العدد 5،ص 216-ص227.

**سەرچاوە بە فارسی**

- ازركشسب،موبد فيروز(1378)گاتها سرودهاى اسمانى زرتشت.تهران، موسسه فرهنگى انتشاراتى فروهر.
- ارين، مهران (1391) ردپاى تاريخبر تارك ايران زمين (با رويكرد فرهنگى).تهران، انتشارات اثار نفيس.
- بارتلمه،كريستيان(1337). زن در حقوق ساسانى .ت.دكتر ناصرالدين صاحب الزمانى. تهران،موسسه مطبوعات عطائي.
- بيات،عزيز الله( 1365) كليات تاريخ وتمدن ايران. تهران،اتنشارات شهيد بهشتى.
- بهزادى، رقيه (1382) قوم هاي كهن. تهران، كتابخانه ملى ايران.
- تاج بخش،احمد( 1381) تاريخ مختصر تمدن وفرهنگ ايران قبل اسلام.تهران،موسسه يادواره كتاب.

- تفضلی، احمد (1374) تاریخ ادبیات ایران پیش از اسلام.تهران،کتابخانه ملی ایران.
- تورج، دریایی (1383) شاهنشاهه ساسانی. تهران، انتشارات ققنوس.
- حکمت، علیرضا(1350) .اموزش وپرورش در ایران باستان.تهران ،موسسه تحقیقات و برنامه ریزی علمی و اموزشی .
- دیاکونوف،میخائیل میخائیلووچ (1390) تاریخ ایران باستان،ت.روحی ارباب،تهران،شرکت انتشارات علمی وفرهنگی.
- صفوت،داریوش(1350) پژوهشی کوتاه دربارء استادان موسیقی ایران والحان موسیقی ایرانی. تهران،وزرات فرهنگ و هنر.
- کارنامه اردشیر بابکان (1339) به اهتمام : محمد جواد مشکور.ایران،کتابخانه و کتاب فروشی دانش.
- کویر، محمود (1396) هزارەی ققنوس ساسانیان تا سامانیان.لندن،اچ انداس میدیا.
- گریشمن ،رومن(1372) ایران از اغاز تا اسلام.ترجمه: محمد معین.تهران، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.
- مولر، م(1356) ایران باستان .ترجمه: ژاله اموزگار، تهران، انتشارات توس.
- نفیسی، سعید (1387) تاریخ تمدن ایران ساسانی.تهران ، شرکت مطالعات نشر کتاب پارسه.

**توێژینەوە بە زمانی فارسي**

_ بهرامی، امیر (1394) جلوه شکار گاه ی ساسانیدر ارایش کاخ های اموی با مقایسه موردی تاق بستان کرمانشاه وکاخ قصیر عمره.پژوهشهای شناسی ایران باستان ،شماره 8،دوره پنجم، ص119-138.
- پناهی،محمد حسن وکدخدایی،محمد رضا (1388) ساختارخانواده ایرانی در دوره ساسانی.جامعه شناسی تاریخی.دوره 11،شمار2، ص29-ص53.
- حاتمی ، سارا و پاکباز ، سمیه و عفران ، فرزانه (1394) موسیقی درمانی در ایران باستان تا عصر تیموریان. فصلنامه تاریخ پزشكي سال هفتم، شماره بیست ودوم، ص108-ص134.
-خطیبی ,ابو الفضل (1381) داستان بهرام گور وازاده .پژوشهای ایران شناختی ،سال اول، شماره اول، ص 15-ص 21.
-رستمی،مصطفی وچیت ساز، محمد رضا و ابادی, مصطفی (1394) سازهای بادی تصویر شده بر نگارەهای دوره ساسانیان.فصلنامه علمی –پژوهشی مرکز پژوهشی هنر معماری و شهرسازی .شماره33، ص 69_ص80.
-زرسناش ، زهره و شمسی، فاطمه(1393) پیشینه نمایش در ایران باستان. پژوهشگاه علوم انسانی ومطالعات فرهنگی ،سال پینجم ،شماره دوم،ص 77-ص51.

_ كريمى،پرستو و شاطرى، ميترا (1394) داستان بهرام گور و كنيزك در ايينه ادب وهنر. دو فصلنامه علمى – پژەهشى مطالعات تطبيقى هنر.سال پنجم ،شماره دهم ، ص17-ص 34.

-لارى،ليلى امينى و محمودى ،خيرله(1388) پرندگان و موسيقى .متن زبانشناسى وادب فارسى،دوره 1،شماره1،ص 45-ص58.

-مبينى، مهتاب و حق پرستى،معصومه (1397) بررسى نقوش سازها در ايران باستان وشناخت جايگاه واهميت مەسيقى در ان دوران.پژوشگاه وعلوم انسانى و مطالعات فرهنگى ،دەره جديد سال 10، شماره 1،ص101-ص115.

- محمدى ،حسين(1396) روابط فرهنگى ايران وهند در عص ساسانيان.پژوهشگاه علوم انسانى ومطالعات فرهنگى ،سال هشتم،شماره اول،ص 157-ص172.

**سەرچاوە بە کوردی**

-بۆرەکی،صدیق (1384) شانامە.سنە،ناوەندی بڵاوکردنەوەی پەڕتە و بەیان.

-جەمیل ، کلثومە (2018) مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نزیك .نوسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بلاوكردنەوە.

-دیورانت،ویل (2011) مێژووی شارستانیەت. وەرگێرانی: عەبدوڵلا رەسوڵی.سلێمانی ، بڵاوکراوەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.

-فرج ، عثمان عبدلله (2011) ڕەهەندی مۆسیقی لە شیعرە کوردییەکانی(صافی) دا . ماستەرنامەی چاپ نەکراو ، زانکۆی سەڵاحەددین ، هەولێر.

سەرچاوە بە ئینگلیزی

- Afkhami, Bahrouz and Parvin, Samad (2020) SASANID MUSIC (FROM HISTORICAL TEXTS TO ARCHAEOLOGICAL EVIDENCE.
- Ebrahimi, N. (1999) What is art. Qom: Center of Institutional Research.

# Music in Sassanid period 224-651 A

**Kalthuma Jameel Abdulwahid**
Department of History, College of Arts, Slahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
kalthuma.abdulwahid@su.edu.krd

**Arsan Musa Rashid**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Department of History, College of Arts, Slahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
am.musa@yhaoo.com

**Imad Adulqadir Brefkany**
Department of History, College of Humanitarian Science, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq
Amadabid75@gmail.com

***Keywords:*** music, musical instrument, Sassanid kings, Sassanid melody (khasrevani).

**Abstract**

Music has an ancient history. It refers to the presence of a human being on earth, where he learned from nature and imitated sounds around him, and for this he created musical instruments and felt the joy and positive power. Music had a presence in all stages of human history, until it reached the era of the Sasanians and flourished reached the top (the peak of progressiveness). Moreever the music became one
of the state's arts and it has a direct relationship in all aspects of religious, political and social life, as well as the interest of the Sassanid kings, especially during the reign of Bahram V) And (Kesra Anushrawan) and (Khosrow Pervez) which led to the advancement of music and the emergence of famous musicians, especially during the reign of Khosrow Parvez, such as the invention of Khusrawaniyat melodies and advanced musical instruments with three types of stringed, wind and percussion, including: the tambour, the tambour, the drum, the flute and the cymbal.

-----------------------------------------------------------

**ملخص:**

يمكن القول انه كانت للموسيقى تاريخ علاقة قديمة بالانسان ، وفى الوقت نفسه عدت الطبيعة مصدر اساسى لصناعة وتقليد اصوات الطبيعة ، وتلك الاصوات منحت الانسان القوة والراحة النفسية ، المهم فى الامر ان للموسيقى كانت لها وجودا فى الاغلب العصور لكن الملاحظ ان العصر الساسانى شهد الاهتمانم ملوكها بهذا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

الفن ، بحيث وصلت الى اوج تطورها ، لاسيما فى عهد الملوك بهرام الخامس (421- 439 م ) ، كسرى انوشيروان (531-579 م) ، و كيسرى ابرويز (590- 628 م) حيث تم رفع المكانه الاجتماعية لطبقة الموسيقيين بين المجتمع الساسانى ،اضافة الى ان الموسيقى كانت لها صلة بالحالة الدينية والاجتماعية والسياسية لهذه الدولة ، حيث كان ملوكها يتسامرون على انغام الموسيقى اثناء الاحتفالات والصيد والحروب ووصل الامر لحد ظهور موسيقيين مشهورين خاصة فى عهد (كسرى ابرويز) ، الذى اشتهر بالحانه الخاصة سميت ب(خسراونيات ) كما يعود له الفضل فى صناعة الادوات الموسيقى (الوترية ) و ( الهوائية) و( الجلدية ) مثل (الطنبور ، الدف و الطبل و الناى والصنج..الخ.).